هاوژین عەبدولڕەحمان

یاریزانی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشی ئەفرۆدێت:

# بە ئاواتەوەم رۆژێک بێت هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی کوردستان دابمەزرێ



**هاوژین یەكێك لـە یاریزانـە بەتواناكانی یاریی تۆپی سـەرمێزە لە شـاری سـلێمانی و لەگـەڵ یانەی ئافرۆدێت چەندیـن ئەنجامـی باشـی بەدەسـتهێناوە. جگـە لـە یانـەی ئەفرۆدێت-یـش بۆ هیـچ یانەیەكی دیكەی وەرزشـی یاری نەكردووە، بەڵام لە پاڵ یاریی تۆپی سـەرمێز، یاریی شمشێربازیشـی لەگەڵ یانەكەی ئەنجامداوە، ئێسـتاش وەكو یاریزان و سەرپەرشـتیاری تۆپی سـەرمێزی یانەكەی كاردەكات، ناوبراو لەدایكبووی سـاڵی ١٩٨٩ی شـاری سـلێمانییە و دەرچـووی كۆلێـژی پـەروەردەی وەرزشـییە و ناوبژیوانـی هەریـەك لە یارییەكانـی مەلەوانی و تۆپی سـەرمێز و تۆپی باڵە و ن یشـان شـكێن و چەندین یاری دیكەی كردووە، ئێمەش لە نزیكەوە چەند پرسـیارێكمان ئاراستەی كرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

دیمانە: كارزان كانەبی

*** چۆن بـوو خـۆت لـە نێو دنیای یاریی تێنسـی سـەرمێزت دۆزییەوە؟**

-هـەر لـە قۆناغـی خوێندنـی سـەرەتاییمەوە خولیـای وەرزش بـووم، رۆژبـە رۆژ لـەلام گەورەتر دەبوو. بەتایبەتی خولیای من بـۆ یاریـی تۆپی سـەرمێز لـە قوتابخانەكانەوە دەسـتی پێكرد و سوودی زیاترم لەم یارییە بینی.

*** ئاستی یاریی تۆپی سەرمێز لە كوردستان چۆن دەبینی؟**

- تاڕادەیەك لەم ئاسـتە بەرزەی نابینم كە یاریزانان تواناكانی خۆیـان تێـدا ببیننـەوە، بۆیە سـاڵانە خول كەم بەڕێـوە دەچێت و یاریزانانیش ناتوانن تواناكانی خۆیان بە تەواوی تێدا ببیننەوە.

*** هەسـت ناكـەی بەهۆی كەمیـی كردنـەوەی پاڵەوانێتی لە ئاستی كچان وەكو پێویست نییە؟**

- بەهـۆی كەمیـی كردنـەوەی پاڵەوانێتی تۆپی سـەرمێز بۆ ئاسـتی كچـان وای كـردووە كـە ئاسـتی كچان بە شـێوەیەكی بەرچـاو نەبێت، جگە لەوەش كچە یاریزانانی كەمە ئەم یارییە لە هەندێك لە شـارەكانی كوردسـتان، شاری سلێمانیش خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بكرێت باشە بۆ باشتربوونی ڕەوشی ئەم یارییە؟**

- پێم باشە گرنگی زیاتر بدرێت بە بواری وەرزشی ئافرەتان بـە گشـتی و یاریـی تۆپی سـەرمێز بە تایبەتـی، چونكە ئەم یارییـە تاڕادەیـەك زۆر لـە كوردسـتاندا پشـتگوێ خـراوە هەم لـە لایەنـی راگەیاندنەوە هەم لەلایەن بەرپرسـانی وەرزشـی ئەم یارییەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئاسـتی ئەم یارییە بەرزبوونەوە بەخۆیـەوە ببینـێ، دەبێـت بـەر لـە هەمـوو شـتێك پاڵەوانێتیی زیاتـر و گرنگیـی زیاتر بـەم یارییە بدرێت، جگە لە كردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بە بەردەوامی.

*** وەكـو یاریزانێـك گرفتـی ئـەم یارییـە زیاتـر لـە چیـدا دەبینی؟**

-گرفتی ئەم یارییە وەكو سـەرجەم یارییەكانی دیكە تووشی خراپیـی بـاری ئابـووری یانـەكان بـووە، هەروەهـا نەكردنەوەی یەكـەی مەشـقی بـە چەنـد مانگێـك پێـش دەسـت پێكردنـی پاڵەوانێتییەكە، كەمیی كەل و پەلی و ئامرازی پێشـكەوتوو تایبـەت بـەم یارییـە لە كوردسـتان، ئەمانە هەمـووی گرفتن، جگە لە هۆڵی تایبەت بە مەشقەكان.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-بەرنامـەم ئەوەیـە لـە داهاتوودا باشـتر لە ئێسـتادا گرنگی بـە مەشـق و راهێنانەكانـم بـدەم بـە شـێوەیەكی ئەكادیمیانەتر و بتوانیـن خزمەتـی زیاتـر بـەم یارییە بكەین لەسـەر ئاسـتی كوردستان.

*** خەونی وەرزشیت لە ژیانی یاریزانیت چییە؟**

- خـەون و ئاواتـم ئەوەیـە كـە هەنـگاوی گـەورەتـر و سـەركەوتووانەتر بنێـم بـەرەو دنیـای وەرزش و تواناكانـم زیاتر بكەم تا دەگاتە ئاستی جیهانی.

*** جگـە لـە یاریـزان، سەرپەرشـتیاری تیپەكەشـی، ئایـا دۆزینەوەی یاریزانان كارێكی زەحمەت بووە؟**

-دۆزینەوەی یاریزانان بۆ ئەم جۆرە یارییە تا رادەیەك سەختە بەتایبەتی دۆزینەوەی یاریزانانی كچ، چونكە پێویستە هەر لە تەمەنێكی منداڵییەوە ئامادەی بكەیت بۆ ئەم جۆرە یارییە.

*** بەهیـوای ئـەوە نیـت هەڵبـژاردەی كوردسـتان لـە یاریی تۆپی سەرمێز دابمەزرێ تۆش یەكێك لە یاریزانانی بیت؟**

- بێگومان بەهیوای ئەوەم هەڵبژاردەی كوردستان بۆ یاریی تۆپی سەرمێز دابمەزرێ و منیش یەكێك بم لە یاریزانانی ئەم هەڵبژاردەیـە و بـە ئـاڵای كوردسـتان بە درێـسـی هەڵبژاردەكە بەشداری پاڵەوانێتییەكی گەورەی جیهانی بكەم.

*** خانەوادەكەت تا چەند هاوكارتن بۆ وەرزشكردن؟**

-خانەوادەكـەم گەورەتریـن پاڵپشـت و هاوكارم بـوون بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانی وەرزشیم.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەكردوویت؟**

-بەهـۆی كەمیـی گرنگیدانـی یانـە وەرزشـییەكان بـۆ ئەم یارییە، تائێستا بە شێوەیەكی راستەوخۆ داوای گرێبەستم لێ نەكراوە، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەبووە.

***پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- پێشنیارم بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی لە كوردستاندا تەنیا گرنگیدانە بە جۆری چالاكییەكانی وەرزشی بە پێی سەنگ و قورسایی جۆری یارییەكە.

*** لە كۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بكەیت؟**

-بـە هیـوای باشـبوونی ئاسـتی وەرزشـم لە كوردسـتاندا بە گشتی لە ناو یانەكاندا بەتایبەتی، سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەكـەم بـۆ بەردەوامیـی خزمـەت كردنـی بـە هەمـوو چیـن و توێژەكانی وەرزش، ئەمەش كارێكی گەورەیە.

## ئەنچیلۆتی:
## ئەگەری گەڕانەوەم هەیە بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدرید

کارلۆ ئەنچلۆتی، لە وەرزی رابردوو دا لە ریزەکانی یانەی ریال مەدرید دور خرایەوە و رافا بێنیتز بوو بە شوێنگرەوەی ئەو راهێنەرە ئیتالیە.لە دوای ئەو شکستە گەورەیەی کە یانەی شاهانە لە بەرامبەر یانە کەتەلۆنیەکە دا تووشی هات ئێستا میدیا وەرزشیەکانی ولاتی ئیسپانیا باس لەوە دەکەن ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە ئەنچیلۆتی پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدەوە بکاتەوە. ئەنچیلۆتی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رەتی نەکردوە کە ئەگەری گەڕانەوەی دوبارەی بۆ ریزەکانی یانەی شاهانە هەست پێ دەکرێت و دەڵێت: راستە یانەی ریال مەدرید لە نێو یاریگای سانتیاگۆبێرنابیۆ دا لە بەرامبەر رکابەری دێرینی خۆی تووشی شکستێکی گەورە بوو بەڵام هێشتا یاری زۆری ماوە و ئەو یانەیە دەتوانێت قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە و جیا لەو بابەتەش ریال مەدرید بە یانەیەك دۆڕا کە لە ئێستا دا ئاستێکی زۆر بەرز پێشکەش دەکات. هەروەها ئەو راهێنەرە لە بارەی گەڕانەوەی بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدرید وتی: من بڕیارم دابوو بۆ یەك ساڵ پشوو بدەم زۆر یانەی پێوەندیان پێوە کردومە کە بچمە ریزەکانیان و ئەرکی راهێنانیان لە ئەستۆ بگرم بەڵام خۆم حەز دەکەم لە ریزی یەکێك لە یانەکانی ریال مەدرید، پاریس سان جێرمان یان چێلسی دا کار بکەم.

## هازارد:
## هیچ کێشەیەکم لەگەڵ مۆرینهۆ نییە

یاریزانی بەلژیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزی ئیدین هازارد رەتیکردەوە هیچ کێشەو ناخۆشیەك لەنێوان خۆی و مۆرینهۆی راهێنەری یانەکە هەبێت بەتایبەت بەم دواییانە دەنگۆی زۆر بڵاوبویەوە لەمەر تێکچونی پەیوەندی نێوان مۆرینهۆ و هازارد لەژووری خۆگۆرین. هازاردی باشترین یاریزانی خولی پریمەرلیگ لەوەرزی رابردوو دووچاری رەخنەی زۆربۆتەوە لەنێویشیان نارەزایەتی مۆرینهۆی راهێنەر، چونکە ناوبراو لەم وەرزەدا ئاستی وەك پێویست پێشکەش نەکردوە، بۆیە ئەگەر لەهەوڵی مانەوەی تواناکانی بێت وەك وەرزی رابردوو ئەوا دەبێت زیاتر خۆی ماندو بکات. لای خۆیەوە پێگەی کالچۆ میرکاتۆ لەزاری هازاردەوە بڵاویکرۆتەوە هیچ کێشەیەکم لەگەڵا مۆرینهۆی ڕاهێنەر نیە و ئەو باشترین ڕاهێنەرە بۆ یانەی چێڵسی و هیوامان زۆرە لەگەڵا ئەو ڕاهێنەرە نازناوی زۆر بەدەست بێنینن بەڵام رەنگە بۆ ئەم وەرزە ئەستەم بێت، بەڵکو لەوەرزی داهاتوو بەدی دێت. پێویستە بوترێت هازارد لە١٨ یاری رابردوو هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکردوەو دەنگۆی زۆریش هەبوو بگوازرێتەوە ریزی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی.








# بەرشەلۆنە خۆی بۆ وەرزی گواستنەوەی زستانە ئامادە دەکات

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بۆکردوە لویس ئەنریکی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە چاوی خستۆتە سەر هەردوو یاریزان پاولۆ دیبالای هێرشبەری یانەی یۆڤانتۆس و میرالیم بیانیچی یاریزانی ناوەڕاستی یانەی رۆما لەماوەی گواستنەوەی زستانە. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی ئەلماندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی بڵاویکردۆتەوە لویس ئەنریکی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە تاقیکردنەوەیەکی پێش وەختەی هەیە لەگەڵ یاریزانی بۆسنی بینانیچ لەرۆما لەو کاتەی راهێنەری تیپە ئیتالیەکە بوو لەوەرزی ٢٠١١- ٢٠١٢ بۆیە ناوی ئەو یاریزانەی خستۆتە سەر میزی گفتوگۆ بۆ ئەویە لەمیرکاتۆی داهاتوو لەسەر داوای ئەنریکی راهێنەر بۆندی لەگەڵ ببەستریت. شایەنی وتنە بۆسنی میرالیم بینانیچ بەپێی بۆندێك لەگەڵ یانەی رۆما پەیوەستە تا ساڵی ٢٠١٨ و بری پارەی ئەو یاریزانە لە ماوەی گواستنەوەی زستانە ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە، بەڵام بەپیی رۆژنامەی لاجازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتالی یانەی رۆما داوای ٤٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات. هەرچی یاریزانی ئەرژەنتینی دیبالا کە ناوی لەنیو ریزی یانەی کەتەلۆنیەکە دێت دوای رۆیشتنی یاریزانی باڵی ئەو تیپە پیدرۆ رۆدریگز، لای خۆیەوە ئەنریکی بەیاریزانێکی بەتوانای دادەنێت بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك لەباڵەکان هەبێت، بۆیە لەهەوڵی هێنانی ئەو یاریزانەیە لە کانونی دووەمی ٢٠١٦. دیبالا لەگەڵ یۆڤی تا ٢٠٢٠پەیوەستە و بری فرۆشتنی ئەو یاریزانە لەبازاری گواستنەوە ٢٨ ملیۆن یۆرۆیە، بەڵام داوای ٤٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات لەبەرامبەر دەست بەرداربوونی.

# پێشمەرگەی سلێمانی ئامادەکاری باشتر دەکات

یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان کە بڕیارە لە دوای دەستپێکردنی یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەویش ئەنجام بدرێت، دوای ئەوەی لە وەرزی رابردوو نەیتوانی ئامانجی خۆی پێبکێت لە خولەکە و مانەوەی خۆی پارێزێت، ئەمساڵ یانەکە بە پلانێکی تۆکمە و بە پێکهاتەیەکی لاوەوە بەشداری کێبڕکێیەکان دەکات و چاوی لەوەیە بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش سەردار ساڵح راهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە ئێستادا درێژە بە ئامادەکارییەکانمان دەدەین بۆ ئەوەی لە گەڵ دەستپێکردنی خولی پلە یەکی کوردستان بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و کێبڕکێ لە گەڵ یانەکانی تری بەشدار لە خولەکە بکەین. هەرچەندە ئێستا گرفتی دارایی سەرجەم جمگەکانی گرتۆتـەوە و ئێمـەش درێژەمـان داوە بـە مەشقەکانمان بەهیـوای ئەوەیـن بتوانین سەرکەوینەوە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان کـە ئەوە تاکە ئامانجی منە وەکو راهێنەری تیپ»، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش گوتی: «ئێمـە گۆڕانـکاری باشمان لـە ریـزی یاریزانان کـردووە بۆ ئەوەی بتوانیـن تیپێکی نموونەیی دروست بکەین و کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش و گەیشتنەوە بۆ خولی نایابی کوردستان بکەین، سوپاسی کارگێڕانی یانەکەشم دەکەم کە هاوکاری باشی یاریزانانی تیپەکەمان دەکەن.»



# دهۆک چاوی لە نازناوی جامی عێراقە



لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی دهۆك نەیتوانیوە ئەنجامێکی وا دڵخۆشکەر پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی کە ببێتە هۆکار بۆ دڵخۆشکردنی هاندەرانی یانەکەی، دوای ئەنجامدانی هەشت یاری یانەکە تەنیا خاوەنی ٤خاڵە لە پلەی کۆتایی ریزبەندی یانەکان دێت، بە هۆکاری خراپی ئەنجامی یانەکەی لەم خولەکە سائیر جەسامی راهێنەریش دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە و لە شوێنی ئەم راهێنەرە عەرەبەش کارگێرانی یانەکە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان پەنایان بۆ راهێنەرێکی کوردی شارەکەیان برد، راهێنەری ناوبراویش لە یەکەم دەستبەکار بوونی سەرکەوتنێکی بە نرخی پێشکەشی هاندەرانی یانەکەی کرد لە جامی عێراقی، لەم جامەش یانەکە چاویان لە سەرکەوتنی زیاترە گەیشتنە بە یاری کۆتایی جامی عێراق.» لە بارەی درێژەدان بە ئەنجامی شایستە، ئاشتی مستەفا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئامادەکارییەکانی خۆمان بەردەوام کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەمانجێك بپێکین، لە جامی عێراقیش چاومان لە ئەنجامی شایستەیە، لە یەکەم یاریشم وەکو راهێنەر توانیمان لە نەفت ببەینەوە، جگە لەوەش ئێمە لە ئێستادا گەیشتووینەتە قۆناغی هەشتەمی خولەکە و چاومان لەوەیە هەنگاوەکان یەك لە دوای یەك ببڕین بۆ ئەوەی بگەینە یاری کۆتایی جامی عێراق کە ئەوەش خۆ لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە لە خولەکەدا.» لە بارەی هێنانی یاریزانانیش گوتی: «ئێمە لە هەوڵەکانی خۆمان دەدەین کە چەند یاریزانێکی بەتوانا بهێنن بۆ ریزی یانەکەمان هەوڵیش دەدەین لەم گواستنەوەی کاری خۆمان بکەین، بەڵام ئێمە گرفتی داراییمان هەیە، ئەگەر بتوانین ئەم گرفتە چارەسەر بکەین، دڵنیام دەتوانین لە جامی عێراق و خولی فۆکسی یانەکان ئەنجامی زۆر باش بەدەست بهێنین.»

# زاخۆ ١٤٠هەزار دۆلار بۆ سێ یاریزان تەرخان دەکات




بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لەگەڵ ئەوەشدا کارگێرانی یانەی وەرزشیی زاخۆ لەگەڵ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ستافی راهێنەر ژمارەیەك گرێبەستی جۆراوجۆریان ئەنجامدا لەگەڵ یاریزانانی پیشەگەری بیانی، بەڵام لە کۆی ئەنجامدانی هەشت یاری لە خولەکە نەیانتوانی ئەنجامی شایستە بەم یاریزانانە بەدەست بهێنن، بۆیە دەستەی کارگێڕی بە هاوکاری دەستەی راهێنەرانی لە چەند رۆژی رابردوو ژمارەیەك یاریزانانی ریزی یانەکەیان دوورخستەوە بە بیانووی جۆراجۆر بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەیەك لە یاریزانانی پیشەگەری باشتر بهێنن بۆ ریزی یانەکە، لەم ناوەشدا یانەی زاخۆ زیاتر لە ٦یاریزانی دوورخستۆتەوە لە شوێنی ئەوانیش هەوڵ دەدەن بە یاریزانانی پیشەگەر شوێنی ئەوان پڕ بکەنەوە. لە رۆژانی رابردوودا یانەی زاخۆ بە بڕی ١٤٠هەزار دۆلار گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزانی پیشەگەری هەڵبژاردەی لیبیا کرد و هەر سێیانی هێنایە ریزی یانەکە، بەنیازیشە چەند یاریزانێکی تریش پەلکێشی ریزی یانەکەی بکات. لە بارەی هێنانی ئەم یاریزانانەش خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو بەرنامەی خۆمان ئێمە ئەمساڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی پیشەگەرمان هێنابووە ریزی یانەکەمان، بەڵام دوای ئەنجامدانی هەشت یاری نەمانتوانی سوود لە تواناکانی ئەوان وەربگرین، بە مەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان بۆ یارییەکانی قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەفەرمی گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (عەبدولسەلام فەرەج، موهەنەد بوعەجیلە، سالم فەتحی خەلیفە) کردووە کە لە ریزی هەڵبژاردەی لیبیان و پیشووتریش لە خولەکانی ئوردەن و لیبیا یارییان کردووە، ئێمە بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵیان کردووە تاکو کۆتایی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراق، مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەم یاریزانانەش لەسەر داوای دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی زاخۆ بووە و ستافی راهێنەران ئاستی ئەم یاریزانانەیان نەبینیوە، پێشتریش ستانی راهێنەری یانەکەمان چەند یاریزانێکی دیاری کردبوو، بەڵام ناوبراو ئاستی ئەوانی بەدڵ نەبوو هەر چەندە خۆیشی هێنابووی، لە بارەی بڕی گرێبەستەکانیانیش خەلیل گوتی: «نرخی هەرسی یاریزانەکەش دەگاتە ١٤٠هەزار دۆلار ئێمە، لە هەوڵی ئەوەشداین یاریزانی دیکەی بەتوانا بۆ ریزی یانەکەمان بهێنین.